# مامۆستا سەید سەلام عەزیزی




من "مامۆستا سەیدسەلام عەزیزی" م لەساڵی یەکەمی شۆڕشی ١٣٥٧ ی گەلانی ئێراندا ناسی گەرچی دۆستایەتی و هاتوچۆم لەگەڵیدا نەبوو. ئەو سەرۆکی دادگای بۆکان بوو و منیش تازە گەڕابوومەوە سەر ئیش وکاری مامۆستاییم لە بۆکان.

دوای گیرانی شارەکانی کوردستان و هاتنەوەی پاسدار و بەسیجی، کە ناوچەی بۆکان بۆ ماوەیەک لە ئازادیدا ژیا و سێبەری قورسی مەلاکان بەسەرخەڵکەکەیەوە نەبوو. کاروباری ئیدارات بە دەست خەڵکی خۆیی بەڕێوە دەچوو و بێگانە پێیان ڕانەگەیشت. دیارە ژیانی ئابووری خەڵک باش نەبوو و گەمارۆی مەلاکان کە نەیاندەهێشت قەند و شەکر و بەنزین و گازۆڵ و بەگشتی هیچ شتێک لە میاندواو تێپەڕ بێت و بگاتە کوردستان، بڕستی لەخەڵک بڕیبوو. ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردیش بۆ ئەو مەسەلەیە و گەلێک مەسەلەی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی کارێکی ئەتۆیان لە دەست نەدەهات.

من ئەودەم لەگەڵ ڕێکخراوەی فیدائیانی خەلق کەوتبووم، کە دواتر بوو بە دووبەشی بە "ئەکسەرییەت" و "ئەقەلییەت"ەوە. لەو قۆناغەدا من لەگەڵ ئەکسەرییەت کەوتم. ئەگەر هەڵە نەکەم، لە ساڵی ١٣٥٩ دا بوو کە ڕێبازی سیاسیی ڕێکخراوەی فیدائیانی ئەکسەرییەت تووشی گۆڕان هات و کاری چەکدارانە وەلانرا، دەفتەری ڕێکخراوەکە لەبۆکانیش لەق وتەق بوو و گەیشتبووە ئەوەی ئەمڕۆ یا سبەی دەرگای دابخرێت.

ڕۆژێکیان دەستەیەک خەڵکی ئاسایی شاری بۆکان وەک خۆ پیشاندان لە ناوشارەوە وەڕێ کەوتن و هاتنە بەردەمی دەفتەری ڕێکخراوەکە لە ساختمانی دوخانیات. مستیان بەرز دەکردەوە و دژ بە هەڵوێستی نابەجێی ئەکسەرییەت لەمەڕ چەک دانان، دروشمیان دەدا.

من لە دەفتەر بووم، لە پەنجەرەکەوە خەڵکم دەدیت و گوێم لەدروشمەکانیان دەبوو. "بەرپرسی نیزامی" ی دەفتەر هاوڕێیەکی ئازەربایجانی خەڵکی شاری خۆی بوو بە ناوی لوتفوڵلازادە، کە ئێمە بە 'ڕەفیق سەعید' دەمانناسی و هەر بەو ناوەش بانگمان دەکرد. سەعید لە هاوڕێیانی فەلەستین واتە ئەو ئەندامانەی ڕێکخراوەی فیدائیان بوو، کە لە فەلەستین دەورەی چریکی دیتبوو و کەسێکی لێهاتوو و بە پێوانەی ئەو ڕۆژانە، شارەزای کاروباری سوپایی بوو. چەکەکانمان ماوەیەک بوو شاردبووەوە بەڵام تاک وتەرایەک چەکمان بۆ پاسەوانیی بەردەرگا و ناوەوەی دەفتەری ڕێکخراوەکە، هەرمابوو. سەعید، کە بەداخەوە دواتر کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هاوڕێ جەواد و کاک مینەی شێرخانیدا ئیعدامی کرد، بەگوێرەی

ئەرکەکەی خۆی، کەوتە جووڵە وپاسەوان دامەزراندن لە چەند شوێنی دەفتەرەکە و ئامادە بوو ئەگەر خەڵکەکە هێرش بکەنە ناو ساختمانی دەفتەر، داکۆکی بکات و نەیەڵێت.

من کەوتبوومە بارودۆخێکی خراپەوە، بەرپرسی دەفتەر و لە ئەنجامدا بەرپرسی هەر کارەساتێکی ناحەز و ناخۆش بووم کە بهاتبایەتە ئاراوە. لایەک خەڵکەکە، کە نەمدەزانی دەیانەوێت چی بکەن و ئایا بەتەمان بێنە ناو بینایەی دەفتەوەرەوە یان نا؟ لایەکیش ئەرک و وەزیفەی پاراستنی گیانی ئەو ئەندام و پێشمەرگانەمان وا لە ناو بینایەکەدا بوون.

تەلەفونم بۆ دەفتەری حزبی دیموکرات کرد و لەگەڵ بەرپرسی دەفتەر قسەم کرد بەڵام وەڵامەکەیانم بەدڵ نەبوو واتە هەستم کرد نایانەوێت خۆ بە ساحێبی خۆپیشاندانەکە بکەن. دەمزانی کاک سەید سەلام عەزیزی، کە سەرۆکی دادگای شارەکە بوو، لە پێوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشدایە. تەلەفونم بۆکرد و تکام لێکرد بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات و گوتم ئەگەر ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕووبدات هەموولایەکمان بەرپرسی دەبین و لەسەرمان دەکەوێت. گوتم چەکدار لە ناو بینایەکەدایە و دەست دەکەنەوە. خۆپیشاندان باشە بەڵام هێرش بۆ ناو ساختمانەکە شتێکی مەترسیدارە ودەبێ بەری بگیرێت. چی کرد و چۆن جووڵایەوە، نازانم بەڵام وەڵامدانەوەی بە تەلەفونەکەی من، بەرپرسانە بوو و بەشوێنیدا هیچیش نەقەوما. ئەوە تاقە بیرەوەری شەخسیی خۆمە لە نەمر سەید سەلام. دەزانم دواتر وەک پێشمەرگە کەوتە چیا و تا پلەی ئەندامیەتی کومیتەی ناوەندیی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانیش بەرز بووەوە.

کاتێ وتاری ڕێزدار مەلا برایمی مەجیدپوورم سەبارەت بە نەمر سەید سەلام خوێندەوە، ئەو بیرەوەرییەم لێ زیندوو بووەوە و بەهۆی پێوەندیی کەسەکە و باسەکە بە بۆکانەوە، بە باشم زانی ڕاییگوێزمە ئێرە. بابەتەکە لە ماڵپەڕی پێشمەرگەکان وەرگیراوە و ئەوە ئەدرەسەکەیەتی:

http://www.peshmergekan.com/kurdish/index.php/babetekan/bireweri/1170-2012-07-19-16-59-06

ئەوەش دەقی وتارەکەی ڕێزدار مەلا برایم مەجیدپوور:

## کاک سەلامی عەزیزیم چۆن ناسیوە؟

مەلا برایم مە جید پور



**دەسپێکی هاوڕێیەتیمان**

سێزدە ساڵ لەمەبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەڕۆ دا گێژەڵووکەی مەرگی لە ناکاو، دەستەبرایەکی لە مێژینەم، هاوبیرێکی بە توانا، کوڕە کوردێکی خۆنەویست و ریبەرێکی کارامەی لە ئەمنی دەستەبرای، هاوڕیانی و بنەماڵەکەی ئەستاند. لە مێژبوو بە تەما بووم کە داستانی ناسین و هاوڕێتی خۆم و کاک سەلام ی عەزیزی بێنمە سەر کاغەز، بەڵام ئەوەی ڕاست دەستم بۆ قەلەم نەدەچوو، نەمدەتوانی دەست بکەم بە نووسینی بیرەوورییە هاوبەشەکانم دەگەڵ ئینسانێک کە دەگەڵ نەمان و مەرگەکەی کێشەم هەیە. ئێستاشی دەگەڵ بێت، هەست و مێشکم هێزێکی وایان دەبەر خامەکەم نەنا. بەڵام هە یاران چە کەردەن؟.

دەورانی مەدرەسەی ئەمن و کاک سەلام پڕە لە رووداوی خۆش و ناخۆش کە لەم نوسرواە کورتەدا جێگای نابێتەوە. لێرەدا تەنیا گێرانەوەیەکی خێرای چەند بیرەوری بو هاوڕێیان و کەس و کاری کە ئەو بەشە لە رووپەڕی ژیانی بۆ ئەوان نەناسراوە باس دەکەم. سەر دە می پێشمەرگایەتیشی نوسینی ناوێ ، هە ر ئەوە کە کاک سەلام توانیویە بگاتە پلەی ئەندامەتی دە فتەری سیاسی لە رێبەرایەتی حیزبدا خۆی بەڵگەی لێزانی و لیهاتوێتی.

نیزیک بە ٥١ ساڵ لە مەوبەر، کاتێک فەقێی مەدرەسە ی علوومی دینی مەهاباد بووم، لە ڕۆژێکی گەرمی هاوینیدا کە لە حەوشەی مزگەوتی سوور لە ترسی گەرما و تینیی خۆرەتاو پەنام بۆ بن سیبەری دیواری یەکێک لە حوجرەکان بردەبوو و لە بنی دانیشتبووم. بە هۆی پشووی هاوینی مەدرەسەکەمان تەعتیل بوو و فەقێکان هەر یەکە و بە لایکی دا گەرابوونەوە بۆ ماڵە بابیان.

ئەمن لە بەر ئەوەی ماڵمان لە شار بوو مابوومەوە. کاتژمێر ١٠ بەیانی دەبو پیاوێکی گەڕاوەی ڕیش سپی، کۆک و پۆشتە و پاک و تەمیز شاڵێکی سەوز لە پشت، دوکوڕە جحێڵەی دەگەڵ هاتنە حەوشە مزگەوت، یەکسەر هاتن بۆ لای من سڵاویان کرد، لە بەریان هەستام، سڵاوم ئەستاندەنەوە و فەرموم کردن بچینە ژورێ. لەمنیان پرسی گووتم خۆمم ، ئەدی ئێوە ؟ پیاوە گەڕاوەکە گووتی: ئەمن سە ید ڕەسوڵی عە زیزی و خەڵکی گوندی قەرەکەندی بۆکانم.

ئەوەیان سەید مستەفا برازامە و ئەوەشیان سەید سەلام کوڕمە. پاش بەخێرهێنانێکی گەرم دیسان خوڵقم کردن بۆ ژورێ ، حاجی سە ید گووتی: ئەوانە م هێناون لێرە دایانمەزرێنم، جارێ بابچینە لای رەئیس و دوایە ش لە کەبابخانەی حەمە شەل لە گیرفانی من میوانی تۆ دەبین.دیارە ئەمن بە خزمەتی نە گەیشتبوم و پێشتر نەم دەناسی خزمێکی خۆمان ئەمنی پێناساندبو.

پێکەوە چوینە دەفتە ری رەئیسی مەدرەسە کە خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدوڵای مودەڕیسی بوو. حاجی سەید خۆی ناساند، و مامۆستاش بە گەرمی بە خێرهاتنی کردن و لە منی پرسی ئەتۆ دە یان ناسی؟ عەرزم کرد نەخێر پێشتر بە خزمە تیان نەگەیشتوم بەڵام کاک حەمە سە لیم فەتتاحی ناردونیە لای من.

مامۆستا گووتی: زۆر بەخێر بێن، جێگەمان هەیە وەریان دەگرین، بەڵام خۆت دەزانی دەبێ یەکێکی ناسراوی شاری بەرعۆدەیان بێ.

حاجی سەید گووتی: ئێمە خزم و ناسیاوی زۆرمان لێرە هەن.

ئە گەربە هەڵە نەچووبم ،یەکیک لە مەدەنیەکانی ناساند کە برا یان ئامۆزای کاک حوسێنی مەدەنی بوو و دوکانی بەزازی هەبوو لە قەیسەریان .ئەمنیش دووکانەکەیانم پێدە زانی.

مامۆستا گوتی: مەجیدپوور ئەتۆ ئەو فۆرمەی بەرە و پێی پربکەوە و هەتا دێیەوە ئێمەش چایەکی دەخۆینەوە.

فۆڕمەکەم برد بۆ ئاغای مەدەنی، گووتی خزمی خۆمانن و بۆخۆشی دە گەڵم هات بۆ مەدرەسەی و لەوێ فۆڕمەکەی پرکردەوە. زۆریشی خولق کردن، میوانی بن ،بەڵام حاجی سەید سوپاسی لێکردو گووتی : بە پەلەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ جاریکیتر و بۆ نیوە ڕۆیەش میوانی مە لا برایمین.

بەم چەشنە کاک سەلام هاتە مەدرەسە ی علومی دینی لە مەهاباد. واباشە کورت ئە و مە درە سە یە بناسێنم . ئەوەندە ی ئەمن بزانم، ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو لە موکریان، مەدرەسەیەکی لەو بابەتە دامەزرابوو، دەگەڵ حوجرەی فە قێیان بە تەواوی جیاوازی هە بو . لە حوجران فە قێ چ لە شارو چ لە دێ بژیوی ژیانیان لە لایەن خە ڵکی ئاوایی لە لادێی و لە

لایەن دانیشتوانی گەرە ک لە شاردابین دەکرا. فەقێ بۆ نانی ڕۆژانە ماڵە وماڵیان دە کرد و 'راتبە' یان کۆ دە کردەوە، بەڵام لەو مەدرەسەیە هەموو پێداویستیەکان لە لایەن ئیدارەی ئەوقاف ڕا دابین دەکرا. مەدرەسەکە بوودجەی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆ دابینکردەنی خواردەنی ڕۆژانە ، شوێنی حەوانەوە و کڕینی ساڵانەی دە ستێک جلو بەرگی مە لایانە بــۆ هەمو فەقێکان کە رادەیان دە گەیشتە ٣٥ کەس. لە حوجرەکانی ئاسایی هەموو ئەرک و کاری حوجرە و نان کۆکردنەوە لە ئەستۆی سوختە بو، بە ڵام لە وێ هەموو کارەکان بە نۆرە بون و بە سەر سوختە و موستە عید دا دابە ش دەکرا.بە کورتی وەک چۆن ڕێژیمی ئاغا و ڕعیەتی دوایە تێکچو لە وێش سیستمی سوختە و موستەعیدایەتی نەما. با ئەوەش بڵێم ئەو مەدرەسەیە هەر چە ند هەمو تەشریفاتێکی قانونی تێدا ڕەچاو دەکرا ، بە ڵام مەدڕەکەکەیی هیج ئەرزشێکی قانونی نەبو ، واتە بە شەشی سەرەتاییش حیساب نە دەکرا.

کاک سەلام لە زۆربەی فە قیکان کەم تەمەنتر، بەڵام لە  خوێندندا لە زۆربەشمان زیرەکتر بو، توانای زێنی زۆر لە سەرێ بوو، کاتێک دەرسیان پیدەگوتین ناوەرۆکی دەرسەکەی  تە واو لە بەربوو ، زۆر جار شتێکمان لە بیر نەدەما لە ویمان دەپرسیە وە.

کاک سەلام لە گەڵ ئەوەی زێنێکی فۆتوگرافیکی باشی هەبوو، گەنجێکی بە شەهامەت و لە هەمان کات دا لە کاری جەمعی و دۆستایێتی دەست پێشخەر و خۆنەویست بوو.

وەک لە پێشدا باسمکرد مەدرەسە دەبو ساڵانە دە ستێک جلوبەر گمان بۆ بکرێت کە بریتی بوو لە : کەوای درێژ، کراسو دەرپێی، مە ندیل و جلیتقە وجاری وا هەبوو کە کەوشیشان بۆ دەکریین. ساڵێک کە بە داخەوە سالەکەیم لە بیر نەماوە بە بیانوی تەعمیراتی حوجرەکان نەیان دەویست جل و بەرگمان بۆ بکرن. هەرچی داوامان دەکرد هەر فریویان دەداین و جارو بارەش وڵامی بە هەرەشەیان دەداینەوە بە کورتی بڕیاریان دابو بۆمان نەکڕن و بودجەکەی پاشقول بدەن.

شەوێک ئێمە فەقێکان کۆبونەوەمان کرد و بریارمان دا دەرس نەخوێنین و مان بگرین هەتا جل و بەرگمان بۆ دەکڕەن. هەر لەو کۆبونەوەیە دا دەستەیەک دیاری کرا بۆ قسەکردن دەگەڵ بەرپرسان و کەسانی پێوندیدار، کاک سەلام و ئەمن یەکێک لە و کەسانە بووبین. سبەێنێکەی سەرجەم فەقێکان لە مزگەوت دانیشتین، هەر مەلایەک دەهات ڕێگەی نەدەدرا بێتە ژورێ، پێی دەگووترا دەرس ناخوێنین تەشریفت بگەڕێتەوە!. بەم شێوەیە مامۆستاکان دەگەڕانەوە بۆ دەفتەر.

سەرۆکی مەدرەسە مامۆستا مەلا عـەبدوڵا مودەڕیسی هات، دیاربو لە وەزعەکە ئاگادار کرابو. لەو کاتە دا ئەمن لە بەر دەرگاکە راوەستابووم. بە توڕەییەوە کووتی: مەجیدپور، ئەوە چیە؟ کۆدەتایە؟، گووتم: نەخێر قوربــان تەقازایە؛ تەقازا بۆچی؟  قوربان بۆ کەوایە! شێوەی وڵامەکانی من کە وەک گاڵتە دەچو ئەوەندە دیکەشی مامۆستا توڕە کرد و گووتی: بە نوێنەرانتان بڵێ بێنە دەفتەر.

هەیئەت چوو بۆ دەفتەر قسە توند بون، گرژی هاتە ئاراوەو بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتین. تەلەفون کرا بۆ ئێدارەی ئەوقاف، و سەرۆکی ئیدارەکە ئاغای ڕەحیم لەشکری و کەریم زادە جێگرەکەی هاتن. دەگەڵ ئەوانیش بە ئاکامــێـک نەگەیشتین! تەلەفون کرا ڕەئیسی فەرهەنگی ئە وکات ئاغای موحسین و جێگرەکەی ئاغای ڕەحیم فەرهەنگ هاتن. دەگەڵ ئەوانیش نەک هیچ نەکرا بگرە کێشەکە ئاڵۆزتر بو ، قسە لێک هەڵبەزینەوە، بە ڵام ئێمە بڕیاری دواییمان دابوو ، بە هەموو نرخێک لە سەر داواکەمان سوور بوین. با ئەوەش بڵێم نازانم لە هەموو ئێران دا چۆن بوو، بەڵام لە کوردستان قسەی دوایی ساواک دەیکرد و دەزگاکانیتر ئالەتێک بون بە دەستی ئەوانەوە.

ئەم جارە ساواک ئاگادار کرا ، کەنزی وەک نوێنەری ساواک هات، وەک تایبەتمەندی خۆیان دە ستی کرد بە هەرە شە و گورەشە وجنێودان و گووتی : واز دێنن چاکە ئە گێنا لە قەسری قەجەرتان قایم دەکە م! دیارە ساواک زۆر مەترسیدار بوو ئەودەم لە کوردستانیش کەڵ بە موی بەند بوو ، کەنزیش لە جینایەتکاریدا بە ناو بانگ بوو. ئەوەی جێگای سرنج و دەبێ باسی بکەم بەرەنگار بوونەوەی کاک سەلام بو.

کاک سەلام زۆر بە لەسەرەخۆیی وئازایانە گووتی: ئاغای کەنزی ئێمە داوایەکی ڕەوای خۆمانە و دەمانەوێی، داوای ڕەواش نە تاوانە و نە سەزای هەیە ، ئێوە خۆتان نارەوان بۆیە هەمو شتێک بە نارەوا دەزانن ! ئێوە وەک دەوڵەت بۆتان دیاری کردووین و تا ئێستاش بە ڕەسمی لێمان نەبڕاوە . ئێمە باکمان لە هەڕەشە و گوڕەشە نیە ، لە سەر داواکە مان سورین، جا چ لێرەبین و چ لە قەسری قەجەر! ئەو مەسەلەیە هیچ پێوەندی بە ساواکەوە نیە، ئێمە داوای شتێکی ئەوتۆمان نەکردوە کە ئێوە ناوی جیاوازی خوازی لێ بنێن! بە دژی هێمنی وڵاتیش ڕاست نەبوینە وە، درۆشمی دژی دەوڵەتیشمان بڵاو نەکردۆتەوە! .

ئێمە مانمان لە دەرس خوێندن گرتوە، بڕیاری بە ردەوامیمان تا وەرگرتنی مافەکەمان داوە، لە سەری سورین، ئێوە ش بڕیاری خۆتان بدە ن. ئەو ڕاوەستان و بەرەنگار بونەوەی کاک سەلامی لەو کاتە ناسک و مەترسیدارە ی ئەو سەردەم دا ، دەگە ڵ بەرزترین و هارترین کەس و دەزگای دە وڵەتی لە مە هاباد نیشاندەری نەترسی و لێهاتویی و کەسایەتی بەرزی ناوبراو بوو.

بەکورتی ئەو ڕاوەستانە بوو بە هۆی ئەوە کە لایەنی بەرامبەر بڕێک شلی بکە نە وە ، تێگە یشتن کە مە سە لە کە بە تەواوی جیدیە. داوایان کرد ئێمە بچینە دەر و ئەوان خۆیان ڕاوێژێک بکەن. دوای ٢٠ خولە- کێک داوایان کرد لیستەی داهات و دەرکەوتیان بۆبەرین. لیستە ئامادە بوو لە پێشمان دانان. دیارە داوای لیستەش خۆی شوێنەونکە بوو ، ئە گینا پارەی کڕینی جلوبەرگ دە گەڵ هیچ حیسابان نەبوو، دیسان داوایانکرد نوێنەرەکان بگەڕێنەوە دەفتەر. سەرئەنجام بە ناچاری ملیان ڕاکێشا و حیلەی شەرعیان بۆ دروست کردو گووتیان هەرچە ند بوودجەکە تەواو بووە ، بەڵام ئە وقاف بە خەرجی خۆی بۆتان دەکرێی.

{ ٢}دوهە م ڕووداو کە باسی دە کە م ئە وە یە کە ئێمە دە ستەیەک بوین کە پلەی خوێندنمان چووبوە سەرێ و لە سنوری تەواو بوون دابوین ، دەرسمان لە لایەن باشترین مامۆستاکان پێدە گووترا کە برێتی بوون لە مامۆستایان: حوسێن مە جدی، شێخ عێزەدینی حوسێنی، کەریم شاریکەندی، سادق واسیق بیلا و عە بدوڵا مودەڕیسی. با بۆ ڕێز گرتنیش بێ یادێک لە مامۆستا محەممە د ماوەڕانی بکەم کە ئەوکات فە وتی کردبوو، بەڵام ئەو دەرسی مەنتیقی دە گووتەوە.

مە درە سە دە یهەویست هێندێک مەلایتر بێنێ بۆ مەدرەسە کە پلەی زانستیان ئەوەندە نەبوو کە بتوانن دەرسی ئاخر مادەکان بڵێنەوە، کە چی ڕاست ئەوانەیان بۆ ئێمە دیاری کردبوون. ئێمە بەو دیاریکردنە ڕازی نەبوین، دیسان لە نیوان ئێمە و ئیدارەی فەرهەنگ ناکۆکی دروست بو، دەیانەویست بە زۆر بە سەرمان دا بسەپێنن، دیسان کار کێشایە ئاڵۆزی و دمبە دمە ، دیسان هەڕە شە و گوڕەشە دەستی پێکرد.

ئەو جارێش ڕیبەری ئەو ناڕازی بونە کەوتە ئە ستۆی کاک سە لام ی نەمر ، ئە و جارەیان روو بە ڕوبونەکە هێورتر بو ، دە گە ڵ فەرهەنگ و ئەوقاف دو ڕۆژ دانیشتنمان هەبو. مامۆستا شێخ عێزە دین کە بەلامانەوە زۆر بەڕێز بو ، قسەی لای ئێمە بایخی هەبو، هەوڵی دەدا کێشەکە بە ئارامی یەکلا بکاتەوە. لە بیرمە مامۆستا و کاک سەلام و ئەمن لە حەوشەی مزگەوت قەدەممان لێدەدا ، بەڕیزیان قسەی بۆ دە کردین و فەرموی: سە ید سەلام ئەوانە فەقیرن لێیانگەڕێن با مووچەکەیان وەرگرن ! کاک سەلام تووڕە بوو و بە توندی گووتی: ئەگەر هێندە خێرخوڵان بۆ ئێوە مەلاکان یەکی دەست لە سەد تمەن هاڵناگرن و بیدەن بە وان، ئێمە قسەمان لە سەر موچە نیە پێشمان ناخۆش نیە مانگی هەزار تمەنیشیان بدەنێ، هاواری ئێمە بۆ دەرسەکانمانە ئاخر بە گیانی ناخێر مانەوە هاتووین شتێک فێر بین تا بتوانین خزمەتێک بە خەڵک بکەین، کاتێک ئێمە هیج فێر نەبین دەبێ چ بە خە ڵک بڵێین.

سەرئەنجام دوای دو ڕۆژ کێشە و مشتومڕ گەیشتینە ئەو ئاکامە کە مەسەلەکە بەرینە ورمێ و لە وێی بەڕیوەبەری گشتی فێر کردن و بار هێنان هەرچی بڕیاری دا هەر دوک لا ڕازی بین. کاک سەلام داوای کرد ئیدارە بینوسێ و ئێمە بۆ خۆمان بیبەین. کاک سەلام و ئەمن نامە ی سەرچەسپ و مۆر کراومان برد و لەوێش دوای دوو کاتژمێر قسە کردن لە سە ر ئەوە ساغ بوینەوە کە مەلاکان بابێنە مەدرەسە بەڵام دەرس بە ئێمە نەڵێن.

[٣] سێهەم کاری کە ئە وکات وەک گروە ئەنجامدان دا و کاک سەلام سەرپەرستی گروهەکە بوو، ئەوە بوو کە بە هۆی دابەشکردنی زەوی و زار و تێکچوونی سیستمی ئاغا و ڕعیەتی کێشەیەکی قوڵی نابەرانبەر لە نیوان ئاغا و ڕعیەت هاتبوە ئاراوە، ئێمە بەو پێیە کە گشتمان دێهاتی بووین و هەر یەکەی لە ناوچەیەک ڕا هاتبوین، هەم کەسو کارمان، هەم دۆست و ناسیاومان لە نیو ئەو کێشە و ململانە دا دەبیندران. لەو لاشەوە ئاغاکان زەختێکی زۆریان خستبوە سەر ڕعیەتەکان و دەزگاکانی حکومەتیش بە [ کە روێشکیان دە گووت ڕاکە و بە تاژیان دە گووت ڕێکەوە] نە ک کاری خە ڵکیان چاک نەدەکرد بگرە پوچەڵتریان دە کرد. لە ڕاستیدا گیرفانی هە ر دو لایەنیان دەبڕی. ئەودەم خوێندەوار لە دێهاتی نەک زۆر کەم بەڵکو لە مەلا و فەقێی بەولاوە دەگمەن بوو. ئەو نەخوێندواریە دەبو بە هۆی ئەوە، کە ئەوانە ی کێشەکەیان دەهاتە دادگا یان ئیدارەی کشتوکاڵ فێڵیان لێبکرێ و بە زیانی خۆیان پە نجە مۆریان پێبکرێی!. ئەو دە ستە فەقێیە بە دەسپێشخەری و ڕێنوێنی کاک سەلام کاری ئەوە بو کە ڕۆژانە دوو کەسمان دەچوینە بەر دەرگای دادگا و ئیدارەی کشتوکاڵ و هەر ناسیاوێک هاتبا خۆمان لێدە کرد بە خزم و کەس و دە گەڵیان دەچوینە ئیدارە و ڕێنوێنی و

هاوکاری جوتیارەکانمان دەکرد . لە ماوەیە کی کورت دا و ای لێهات هەر کەس کێشەیەکی لەو بابەتەی هەبا لە پێشدا دەهاتە لای ئێمە ، ئەو کارە خۆبەخشە لە سەرپێشنیاری کاک سەلام و بە ڕێوەبەری ئەو ئەنجام دە درا.

ساڵی ١٣٤٣ ی هەتاوی خوێندنمان تەواو کرد ئەمن بوومە مەلا لە گوندی 'ئاختەتەر' ی سەر بەر شاری بۆکان . ئە گەر بە هەڵەم نەچووبم کاک سەلام ساڵی ١٣٤٤ ی هەتاوی زە ماوەندی کرد، لەو زەماوەندە ش دا ئەمن ئەرکی میواندارتیم لە ئەستۆی بوو . زۆری نەخایاند بردیانە سە ربازی و دوای دەورەی فیرکاری لە پادگانی قوشچی وەک سوپای دانش ناردرا بۆ گوندی بادەکی لە پاریزگای ئیسفە هان.

دوای دو ساڵ لە سە ر داوای خۆی دە گوازرێتەوە بۆ گوندی دزەی مەرگەوەڕ سەر بە ناوچەی ورمێ. ساڵی ١٣٥٠ لە کۆنکۆری زانکۆی تاران، ڕشتەی حقوق دا قبوڵ دەبێ و دە چێتە تاران و هاوڕێ دەگەڵ کاری ڕۆژانە خوێندنی ئاکادەمیک دەست پێدەکات و لە ئاکامدا لیسانسی حقوق وەردەگرێ. پاش ماوەیەک وەک دادیار لە ئیدارەی دادگوستەری ورمێ دیاری دەکرێت. سەرئەنجام لە ساڵێ ............ وەک سەرۆکی دادگای شاری بۆکان لە ناوچەی موکریان دیاری کرا. بە وتەی هێندێک کە س ئە وە یەکەمین کوڕە گوندییەک بوو کە پۆست سەرۆکی دادگای بە دە ستەوە گرتبو! لە لایەکیتر هەموو زۆربەی خەڵکی ناوچەکە پێی خۆشحاڵ بون و کورد گووتەنی دەیان گووت لە خۆمانە. بە دەستەوە گرتنی ئەو بەرپرسایتیە لە لایەن کاک سەلام وە لە شارێکی وەک بۆکان، بە هۆی ناسیاوی ئەو نەمرە دەگەڵ ئاداب و ڕەسوومی ناوچەکە کاریگەری زۆری لە داکوژاندەنی کیشەکان نیو خەڵکی ناوچەکەدا هەبوو. لە لایەکیترەوە بە هۆی پیگەی ئیداری وشارەزای لە قانوون، ئەوەندەی لە توانا و جەغزی دەستەڵاتی دا هەبوو، تێدەکۆشا ژاندارمەری و شارەبانی شارەکەی لە داپلۆسانی و ئازاری خەڵکی شارەکە و ناوچەکە بپرینگێنێتەوە.

بێشتر گووتم : کاک سە لام خە ڵکی و خاکی بوو دۆستی لە بیر نە دە کردو خۆی لێنە گۆرابو. پلەی بەرزی خوێندن لە بواری حقو قدا و بوونی بە دادیار وداوتر سە رۆکی دادگا هەرگیز لە خۆبایی نەکرد و لە دۆست و ناسیاوەکانی سەردەمی فەقێیاتی دور نەکەوتەوە. لە تە عتیلاتی هاوینیدا دە هاتەوە گوندەکەیان و لە گەڵ هەڤاڵانیتر دەمانکردە دەورە میوانی ، ماشێنێکی ژیانی زەردی هەبو بە چەپە ڕێگایاندا ئەو گوند و ئەم گوندی پێ دەکردین ، جاری وابو بە یە کجارهەمو جێمان نەدەبووە دو کاروانی دەکرد. لە دەورمیوانییەکانی ئەو سەردەمیشمان هەر ڕۆژە ماڵی دۆستێکمان بە سەر دەکردەوە، یادی ئە دوستانەش بە خێر بێت کە لێرەدا یادی چە ند کە سێک بکەم کە میوانیان دە بوین کە برتین لە :

مە لا رە حمانی بانە یی. لەدار بە سەر کەبە داخە وە زۆر زو فەوتی کرد؛ حاجی مە لا رە حمانی نۆبار، مە لا سوڵتان کە ئەو دە م مە لانە بو بەڵام دە رسی مە لایەتی خوێندبو و خەڵکی نۆبار بو مودیر عامیلی شیرکەتی تە عاونی بو، خوالێخۆشبوو مە لا عوسمان عە بدوڵا بە گی کە ئە و دە م مە لای دارە گردەڵە بو، حاجی مە لاکەریم سورخی کە ئە ودە م مە لای عەیزکەند بو، مە لا محە ممە د مەلای گووندی قەرە کە ند، خوالێخۆشبوو سەید عومەر هیدایەتی لە ئاجیکە ند، حاجی هە مزەی نۆباری، حاجی ڕە حمانی سە یداوا و خوالێخۆشبوو کاک حە مە سە لیم فەتاحی لە تازە قەڵا.

<u>ئاخر دیدار</u>

دوایین و تاڵترین دیدارم دەگەڵ کاک سەلام. ساڵی ١٩٩٣ ی زایینی لە پاریسی پێتەختی فە ڕانسە بوو. ماوەیەک بو ئەمن هاتبومە ئوروپا، و پێوەندیم دە گەڵ هاوڕێیانم زۆرکەم هەبوو. کاک سەلام وە ک ئەندامی دە فتەری سیاسی بۆ کارو باری حیزبی هاتبوە دەرەوە ، لە پاریسەوە زنگی بۆ لێدام، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە نەم دەزانی چ بڵێم، تە نیا گووتم: چۆن دەتوانم بتبینم ؟ گووتی : دێم سەرتان دەدە م و دەمەوێی براژن و کوڕەکانیش ببینم.

گووتم: ئەی بە خیر بێی سەرچاوان [ کوێرە چیت دە وێی؟ دو چاوی ساغ!] کەچی دوای ئەو پێوەندیە لێی بێ خەبە ر بووم و هەرچی دە مکرد نەم دەدۆزیەوە ! هەرچی زەنگم بۆ دەفتەری پاریس لیدەدا هەر دەیانگووت لێرە نیە و چۆتە مەئموریە ت !ئەو وڵامە بۆ ئەمن ببوە جێگای پرسیارو نیگەرانی، باشە بۆچی ئاگاداری نە کردوم؟ کە جارێ کاری هەیە و ناتوانێ بێی! بە هەر حاڵ کەوتبومە ناو دنیایەکی بیری جۆراوجۆر، خۆم دڵخۆشی دەداوە کوڕە سیاسەت ئە و شتانەشی هەیە !. تا سەرئەنجام ڕۆژێک کاک شاهۆ حوسینی زەنگی لێدا و لە ڕاستیەکەی ئاگادار کردم وپێی گووتم: کاک سەلام نەخۆشە و پێیخۆشە بتبینێ.

هەواڵێکی ناخۆش ، سەفەرێکی تاڵ . ڕۆژی دواتر دە گەڵ سەلاحی کوڕم سواری قەتار بووین و چووینە پاریس .
کاتێک چووینە نەخۆشخانە جۆرێکم دیت خۆزیا قەت ئاوام نەدیبایە! دیمەنێکی دڵتەزێن بە جۆرێک کاری تێکردم کە تە نیا مەرگ لە بیرم دەباتەوە. لە سەر گازەرەی پشتێ ڕاکشاوە، چندین لولە و شێلانگی لێی وەسڵ کراوە ، چەند سێرۆمی لە دەور و بەری هەڵواسراوە، وەک ئیسکلێت وایە هەر ئێسکە و پێستی پێوە ماوە، باش قسەی بۆ ناکرێ ، بە دیتنی یەکتری

هەردوکمان تاسابوین، نەم دەزانی چ بڵێم! هەستم کرد بە دیتنی ئێمەخۆشحاڵە و دەیەوێی شتێک بڵێ. گووتی:ناتوانم بڵێم چەندە خۆشحاڵم بە دیتنتان ، پێم وابوو دەمرم و چاک نابمەوە، بە ڵام ئێستا دەزانم ئەو جارەش نامرم! دوایی گووتی: کەنگێ دەچێوە؟گووتم : سەلاح دەچێتەوە بەڵام ئەمن لێرەم هەتا چاک دەبیە وە.

نیزیک بە مانگێک لە لای مامەوە ، کاتژمێر ٨و٩ی بە یانی دەچوومە نەخۆشخانە و هەتا ٨ی ئێوارێ لە لای دە مامەوە. زۆر جار بە تەختو سێرۆم و شیلانگەوە دەمبردە حەوشەی نە خۆشخانەکە کە ناوی[ هوسپیتاڵ لا پیتی ساڵ پیتر] پاریس ١٣. سەرئەنجام یەک ڕۆژەی دو ڕۆژە بوو، پاش مانگێک لە نە خۆشخانە ئیزن درا. بە ڕادەیەک ماندو و وەڕێزببوو پەلە پەلی بوو هەرچی زووتر بگەڕێتەوە. کە چوینەوە دە فتەر هێنام حەمامی پێبکە م، هەستم دەکرد بڕێک لە بەری گرانە و شەرمێ دەکا ، ئەمنیش بۆ ئەوەی دڵخۆشی بکەم گووتم: برای بەڕێزم شەرمی ناوێ ، ئەتۆ لە بۆکانێ لە حەمامی کاکاغای پوڵت دەدا دەیانشوتی و کابراشت نەدەناسی، ئێستا ئەمن دەتشۆم دەشم ناسی و هیچیشم ناوێی!

بە لێ ئە و جارە ش لە مەرگ ڕزگاری بو ، گە راوە نێو ماڵ و منداڵ و دۆستانی کە زۆریان بۆ بە پەرۆش بوو. بەڵام داخەکەم دیسان مەرگ یەخەی گرتەوە و مۆڵەتی نەدا، بە مەرگی کاک سەڵام گەڵی کوردو حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ڕۆڵەیەکی لە دەستدا کە مێژو لە خۆی دا جێگای بۆ کردۆتەوە ، لە ناو دڵاندا بە زیندویی ماوەتەوە ، لە کۆڕ و کۆمەڵدا بە ڕێزو حورمەتەوە باسی دەکەن. گەلی کوردو حیزبی دێمۆکڕات خەسارێکی گەورەیان لێکەوتوو، ئەمنیش دەستەبرایەکی خۆشەویست، بە ئەمەگ و دڵسۆزم لە دە ست دا.

ئە وە گۆشەیەکی بچووک لە داستانی رەفاقەتی من ونەمر کاک سەلام بوو لە و ڕۆژە وە بوینە دەستەبرا و هاوکەلاس، بوینە پریسکەی خەمی یەکتر و ئەوەی لای کەس نەمان دەدرکاند پێکەوە باسمان دەکرد و بە ئەمانەت لە لای یەکترمان دادەنا. تا مەرگی ناوەختی ئەو دۆستاێتێمان هەر بەردەوام بوو و ڕۆژ دە گە ڵ رۆژ گەرم و گەرمتر دەبوو، هە رگیز ساردی بەخۆیەوە نەدیت، تە نیا مەرگ لیکیکردین. سەید سەلامی خۆشەویست ؛ بەلام پەیمانی برایەتیمان بەڕێزەوە بەردوامە تاجارێکیتر و لە شوێنێکی تر یەک دەگرینەوە بە خوات دەسپێرم.

هەتا لەبیریشم نەچووە، با بڵێم باسی پێوەماندووبوونی هاوڕێیانی حیزبی لە کاتی نەخۆشکەوتنەکەی کاک سەلام لە پاریس ناکەم، چونکە ئەوەی کردبێتیان ئەرکە و ئەوەش کە نەیانکردبی خەتایە ، بەڵام پڕ بە دڵ سوپاسی خێزانی ئەو کاتی کاک شاهۆ بکەم کە لە و ماوەیە دا خوشکانە میوانداری دە کردم روحی شاد بێ و جێگەی بەهەشت بێ کە ئاکارچاکان دانراوە.

مەلا برایم مە جید پور

peshmergekan

20120719 Sunday, Jul 22nd





سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان